## شێوازناسی پراکتیکی

### بنچینەکانی شیکردنەوەی شێواز

شـــێوازنـاســـی کرداری توێژینەوە لە دەقە کە لەســـەر بنەمـای پـاتکردنەوەی ڕووداوەکانی زمان بەرجەستە دەبێ. پاتبوونەوە لە شیکردنەوەی شێوازدا بریتییە لە دووبارەبوونەوەی (بەرجەســتە و مانادار) کە پیشــاندەری خووێکی زمانیی یان تایبەتمەندییەکی بەردەوامی فیکری و ڕۆحی بێ. بەم پێیە گشت دووبارەبوونەوەیەک ئەم بەهایەی نییە کە هەڵســـەنگاندنی بۆ بکرێ و یان بە شـــێوەی ئاماریی کاری لەسەر بکرێ. لە شیکردنەوەی شێوازناسیدا دەبێ کۆمەڵە بنەمایەکی شێوازناسیانە لەبەرچاو بگیرێن. کۆمەڵە بنەمایەکی وەکوو پەیکەرەی دەق، دەســـنیشـــانکردنی کەرەســـە شـێوازســازەکان، ڕێبازی دۆزینەوە، ڕاڤەکردنی ئەرک و ڕۆڵی کەرەســـە شێوازسازەکان، سەرنجدان بە دووانە دژیەکەکان. ئەمانە لە زنجیرەی توێژینەوەی شێوازناسیدا بەم جۆرەی خوارەوە پۆلین دەکرێ:

١- دەسنیشانکردنی پەیکەرەی دەق

یەکەمین هەنگاو لە شیکردنەوەی شێوازدا دەسنیشـان کردنی پەیکەرەی دەق یان ســـنووری توێژینەوەیە. دەســـنیشـــانکردنی ئەم پەیکەرەیەش بە دوو ئاراســـتەدا جێبەجێ دەبێ. یەکەم: پەیکەرەی ســـنوورداری دەق، دووەم: پەیکەرەی بەرفراوانی دەق. لە یەکەمدا کار لەســـەر دۆزینەوەی شـــێوازی کەســـی یان شـــیکردنەوە و هەڵســـەنگاندنی شـێوازی دەقێکی دیاریکراو دەکرێ و تێیدا دەق بەســـەر پەیکەرەی بچووکتردا بەش دەکرێ. لە ئاراســـتەی دووەمدا پتر دەقە جیاوازەکانی قۆناغێکی ئەدەبی لەبەرچاو دەگیرێن کە هەوڵی دەسـنیشـانکردنی گەشـە و گۆڕانی مێژوویی شێواز دەدا و لە ئەنجامدا ئەم شێوازە نوێیە دەسنیشـان دەکرێ کە بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵگە و شێوازی نووسین بەدیهاتوون.

٢- دەسنیشانکردنی کەرەسە شێوازسازەکان

کەرەســە شـێوازســازەکان ئەم کەرەســە زمانی و تێکســتیانەن کە پەژڵاندنەوە و بەرجەســـتەبوونی مـانـاداریـان هەیە و دەورێکی گرنـگ و کـاریگەریـان لەڕووی

جوانیناسی و ناوەڕۆکی دەق لە ئەستۆیە. دەرکەوتنی هەر یەک لەم کەرەسانە لەسەر بنەمای ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەسنیشان دەکرێن:

یەکەم: بەشێوەیەکی بەردەوام لە دەقدا دووبارە ببنەوە. واتا (بەردەوامی شێواز).

دووەم: نائاسایی بوون یان پەژڵاندنەوە، واتا (لادان).

سێیەم: کاریگەرییەکی بنچینەیی و ماناداری بەسەر سەرجەمی دەق و خوێنەردا هەبێ، واتا (ئەرکداری).

کەرەسە شێوازسازەکان لە گشت توانستەکانی زمان لە هەر پێنج ئاستی زمانی واتا (دەنگ، وشە، ڕستە، مانا، پێکهاتە) هەڵدەبژێردرێن. جگەلەم کەرەسانە، لە جیهانی داهێنەرانەی زمان واتا زمانی خوازەییش کەڵک وەردەگیرێ و شێوازی ئەدەبی پتر سوود لەم توانستە وەردەگرێ. دۆزینەوەی کەرەسەی ڕەوانبێژی لە شێوازناسیدا پێویستی بە کارامەیی لە (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی، هێماناسی) و هەروەها زانستی ڕەوانبێژی (جوانکاری، ڕونبێژی، واتاناسی) هەیە. توێژەری شێوازناس بە دوو شێوە هەوڵی دۆزینەوەی کەرەسە شێوازسازەکان دەدا. یەکەم: هاوتەریب بوون و مومارەسەکردنی دەق و کەرسە ئەرکدارەکانی ناو تێکست. دووەم: ئامادەکردنی پەیکەرەیەکی زمانی لە بەرهەمی ئەدەبی. واتا وەسفکردن و پۆلینکردن و ئامارەوەرگرتن لە سەرجەمی توانستەکانی ناو دەق. بەم چەشنە دوابەدوای ئەم وەسفکردنە، کاری شیکردنەوە و دەسنیشانکردنی ئەم کەرەسانە بەمەبەستی شێوازناسی دەسپێدەکا.

٣- توێکاری دەق

لە شێوازناسی پراکتیکیدا دەبێ بەوردی توێکاری بۆ پێکهاتەی دەق بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە لە یەکە بچووکەکانەوە بەرەو یەکە گەورە پێکهێنەرەکانی دەق هەنگاو دەنرێ. بەم چەشنە توێژینەوە لە یەکە بچووکەکانی زمانی وەکوو (دەنگ، وشە، دەستەواژە، ڕستە، بەند) دەسپێدەکا و بەرەو ئاستە بەرفراوانەکانی دەق یان کۆمەڵە

بەرهەمێکی نووسەر یان قۆناغێکی مێژوویی ئاراستە وەردەگرێ. ئاستی توێکاری لە زنجیرەی زمانیی و دەقدا بەم جۆرە بەڕێوە دەچێ:

یەکەم: توێکارکردنی یەکەبچووکەکانی زمان (دەنگ، وشە، دەستەواژە، ڕستە، بەند)

دووەم: لە ئاستی پەرەگراف

سێیەم: لە پارچەیەکی زمان (شیعر، چیرۆک، وتار و ...)

چوارەم: لە بەرهەمێکی سەربەخۆ (دیوانی شیعر، کۆمەڵە چیرۆک، ڕۆمان و ...)

پێنجەم: لە کۆبەرهەمی نووسەرێک

شەشەم: لە بەرهەمەکانی قۆناغ یان قوتابخانەیەک

حەوتەم: لە سەرجەمی ژانرێکی ئەدەبی

کارکردن لە چوارچێوەی ئەم پۆلبەندکردنەدا بۆ ئەوەیە کاتێک تایبەتمەندییەکانی شێوازساز لە یەکە بچووکەکانی دەق دەستنیشان کران، لە یەکە گەورەکانیش بدۆزرێنەوە تاکوو پاتکردنەوە و ڕادەی بەردەوامی کەرەسەیەکی شێوازساز لە پەیکەرەی گشتی دەق (تەواوی دەقێک یان کۆبەرهەمی نووسەرێک یان ژانرێکی ئەدەبی)دا هەڵسەنگێنرێ. بەم چەشنە ئەگەر ئەنجامی دەستەبەرکراو لە توێژینەوەی پارچەیەکی زمانیی نووسەرێک لە چوارچێوەی سەرجەمی بەرهەمەکانیدا یان لە قۆناغێکی مێژووییدا گشتاندنی بۆ بکرێ، ئەوە ئەنجامێکی باوەڕپێکراو دەبێ.

٤- شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی کەرەسە شێوازسازەکان

ئەرکی سەرەکی شێوازناس دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و ئەرکی کەرەسە شێوازساز و ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنیانە کە بەزۆری ئەم بابەتانەی تێدا دەخرێنەڕوو: ڕادەی داهێنان و نوێبوون، کاریگەریی جوانیناسیانە، کاریگەریی مانایی و ئەرکی پێکهاتەکانی دەق. بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەرک و ڕادەی کاریگەری کەرەسە شێوازسازەکان چەند پرسیارێک ئاراستە دەکرێن و بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ڕێڕەوی شێوازناسی پراکتیکی ئاراستەی زانستانە وەردەگرێ:

یەکەم: چ جۆرە تایبەتمەندییەکی بەرجەستە لە دەقدا بەدیدەکرێ؟(هەڵسەنگاندنی داهێنان)

دووەم: ئەم بەرجەستەبوونە پەیوەستە بە دەرەوەی زمان یان ناوەوەی زمان؟

سێیەم: کام یەک لەم تایبەتمەندیانە، پەیوەستن بەم نووسەرە؟(دۆزینەوەی تاکێتی)

چوارەم: ئەرکی کەرەسە شێوازسازەکان لە پێکەوەگرێدانی دەرەوە و ناوەوەی زمان چییە؟(دەسنیشانکردنی پەیوەستبوونی فۆرم و ناوەڕۆک)

پێنجەم: کام یەک لەم کەرەسانە لە بەردەوامبوونی دەقدا کاریگەرن؟(دەسنیشانکردنی پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک)

شەشەم: کام یەک لەم کەرەسانە لە پتەوکردن و جێگیرکردنی لایەنی ڕێزمانی و ڕەوانبێژی دەقدا کاریگەرن؟(هەڵسەنگاندنی دەقێتی بەرهەم)

حەوتەم: ئەم تایبەتمەندیانە بە چ شێوازێک پۆلین بکرێن؟(ژانرناسی)

هەشتەم: ئەرکی هەر یەک لەم جۆر و ژانرانە لە پێکهاتەی دەقدا چییە؟(بنەماکانی ژانر)

نۆیەم: نرخی جوانیناسیانەی تایبەتمەندییە شێوازسازەکان چییە؟(هەڵسەنگاندنی هونەری)

وەڵامدانەوەی هەریەک لەم پرسیارانە پێویستی بە کۆمەڵە ئامراز و کەرەسە و شێوازێکی جیاواز هەیە و بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سوود لە زانستی ڕێزمان، زمانناسی، ڕەوانبێژی، کێش و سەروا، ژانرە ئەدەبییەکان و تیۆر و مێتۆدە ئەدەبییەکان و مێژووی ئەدەبی و ...هتد وەربگیرێ.

٥- هەڵسەنگاندنی شێوازناسانەی بەرانبەری

یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی گۆڕانە شێوازییەکان، سەرنجدان بە (شێوازی بەرانبەری)یە. لە بنەڕەتدا بەرجەستەبوونەوەی شێواز لە هەناوی پرسی باو و دژەباو بەدیهاتووە. بۆیە لە شێوازناسیدا هەڵسەنگاندنی شێوازێک لەڕێگەی بەراوردکردن و لە بەرانبەردانانی شێوازێکی دیکە جێبەجێ دەکرێ. بۆ نموونە

کاتێک لە دەقی کۆندا پێوانە و ڕێسایەکی شێوازناسانەی دیاریکراو پێناسە نەکرابێ، شـــێوازناس ســـوود لە شـــێوازی بەراورد و بەرانبەری وەردەگرێ و لەڕێگەی بەراوردکردنی ئەم دەقانەی لەڕووی زەمەنییەوە هاوکاتن، شـــێوازەکە دەدۆزێتەوە. دۆزینەوەی تایبەتمەندیی شێواز لەڕێگەی هەڵسـەنگاندنی بەرانبەری و بەراورددا بە دوو شێوە جێبەجێ دەبێ:

یەکەم: بەرانبەرکردنی لەگەڵ نووسەر یان دەقی هاوشێوە

دووەم: بەرانبەرکردنی لەگەڵ ژانرە ئەدەبییە هاوشێوەکان

هەندێ لە شێوازە بەرانبەرییەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

| | | |
|---|---|---|
| کۆن/نوێ | گاڵتەوگەپ/جدی | سادە/ئاڵۆز |
| ڕاشکاو/درکەیی | فەرمی/ئاسایی | فۆرمگەرا/ماناگەرا |
| لاسایی/داهێنان | هەستی/هۆشی | نووسین/گوتار |

٦- ناسینەوەی جۆر و ناونانی شێواز

ناسینەوەی جۆر، پۆلبەندکردن، وەسفکردن و ناونانی شێوازی تایبەت و گشتی کە لە یۆنانی کۆنەوە تاکوو ئەمڕۆ بەردەوامە، شـــەبەنگێکی بەرفراوانی لە پۆلینکردن و ناونیشـانی بۆ شـێوازناسـی بەدوای خۆیدا هێناوە. زۆربەی ئەم ناونان و پۆلینکردن و پێناسـەکردنی شـێوازە جیاجیاکان، پتر لەسـەر بنەمای تێگەیشـتنی کەسـی بوونە نەک لەسـەر بنەمای زانسـتی زمانناسـی و هۆکاری لۆجیکی. بۆ نموونە ڕەخنەگران شێوازی (جاناتان سویفت)یان بەم جۆرە وەسفکردووە: ((شارستانی، ڕوون، گشتی، پوخت، ڕێک، ڕاسـتەوخۆ، شـکۆمەند، بەهێز، دڵخواز، پتەو، بلورین، خۆمانە، زوڵاڵ، پیاوانە، نێرانە، مامۆسـتایانە، دەمارگیر، باەرز و نایاب، ڕاشـکاو، هەموار، هەژار، شـیاو و ...هتد.)) بۆیە کۆمەڵە سیفەتێکی دڵخواز لەلایەن ڕەخنەگرانەوە بۆ ناونان و دەسنیشـانکردنی شێواز بەکاربراون و ئەم سیفەت و دەستەواژانە گشتیان لەسەر بنەمای تێگەیشتن و تێڕوانینی کەسیی و تایبەتەوە بنیات نراون نەک لەسەر بنەمای

هەڵسەنگاندنی ورد و سەلمێنراوی زانستی. لەگەڵ ئەوەشدا ناونانی شێواز بەپێی کەرەسە و تایبەتمەندییە جیاوازەکانەوە جێبەجێ کراون، وەکوو:

یەکەم: ناوی نووسەر، هەندێجار ناوی شێواز لە ناوی نووسەر یان ئەدیبێک وەرگیراوە، وەکوو شێوازی سیسرۆن، شێوازی، هۆمێر، شێوازی ئەبونەواس، شێوازی سەعدی، شێوازی نالی، شێوازی جزیری و ...هتد.

دووەم: سەردەم، قۆناغە سیاسییەکانیش بۆ ناونانی شێوازی ئەدەبی بەکاربراون، وەکوو شێوازی ئەلیزابێت، شێوازی بابان، شێوازی تەیمووری، شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست، شێوازی سەردەمی مەلەکی، شێوازی ڕاپەڕین و ...هتد.

سێیەم: جۆری وەرگر (خوێنەر)، لەم ناونانەدا وەرگر هۆکاری ناساندن و ناونانی شێوازە، بۆ نموونە شێوازی منداڵان، شێوازی ڕۆشنبیران، توێژەران، کچانە، ژنانە، دەربار، لادێیی، شارستانی و ...هتد.

چوارەم: بابەت زۆرجار بە پێودانگی ناونانی شێواز دادەنرێ، وەکوو شێوازی سۆفیگەری، فەلسەفی، داستان، مێژوویی، کۆمیدیا، تراژیدیا، لیریک و ...هتد.

پێنجەم: ناوی کتێب لە مێژووی ئەدەبدا وەکوو شێوازی مەسنەوی، شێوازی خوسرەو و شیرین، شێوازی کەلیلە و دیمنە و ...هتد.

شەشەم: ژانری ئەدەبی، هەندێجار شێواز لەسەر بنەمای جۆر و ژانری بەرهەمی ئەدەبی پۆلین و پێناسە دەکرێ وەکوو شێوازی شانۆنامە، شێوازی ڕۆمانس، ڕۆژنامەگەری، ئەفسانە، ژیاننامە، گاڵتەوگەپ، چیرۆک، ڕۆمان و ...هتد.

حەوتەم: شێوازی زمان، ئەم ناونانە پەیوەستە بە شێوازی زمانی دەق یان بەرهەم وەکوو شێوازی فەرمی، ئاخاوتن، نووسین، ئاسایی، کۆن و دێرین و ...هتد.

هەشتەم: ناونان بەپێی بەکارهێنانی خوازەیی زمان، وەکوو شێوازی چواندن، شێوازی خواستن، هێمایی، وێنەیی، درکە، هۆشەکی، ئاڵۆز، سادە، ڕوون، لێڵ، کێشدار و ...هتد.

هەروەها کۆمەڵە ناونانێکی دیکەی وەکوو شێوازی عەقڵانی، شێوازی سۆزدارانە، شێوازی شکۆمەندانە، شێوازی مامناوەند، شێوازی نزم بۆ شێوازە جیاجیاکان دەسنیشان کراون.

٧- پێگەی ناوەڕۆک لە شیکردنەوەی شێوازدا

زانستی زمانەوانی و زمانناسی دەور و کاریگەرییەکی بنیاتی لە پرۆسەی شیکردنەوەی شێواز لە ئەستۆدا بووە، بەڵام ئەگەر شێواز بۆ ئاستی لادانی زمانی و لادان لە ڕێسا دابەزێنرێ و تەنیا بە هەڵبژاردنی زمانی پێناسەی بکەین، لە ڕاستیدا دەرگای چوونەژوورەوە بۆ بابەتی ناوەڕۆک و جوانیناسی بەڕووی خۆمان دادەخەین. ئەوەی لە زانستی شێوازناسیدا یەکجار گرنگە، پیشاندانی پەیوەندی نێوان شێواز و ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبییە. نابێ ئەم دوو ئاستە لە دەسنیشانکردنی شێواز لێک جیابکرێنەوە، چونکە شێوازناسی تەنیا کار لەسەر پرسی پەژلاندنەوە و تایبەتمەندییەکانی فۆرمی زمانی بەرهەمی ئەدەبی ناکا؛ بەڵکوو بە ناوەڕۆکی دەق، وێنەی دەق، پێکهاتەی گشتی دەق، هزر و ڕامان و جیهانبینی دەق و تەنانەت پێگەی دەق لە ڕێڕەوی گەشەی مێژووی ئەدەبیشەوە بەستراوەتەوە. بەم پێیە شێوازناسی ئەوکاتە بە ئامانج دەگا کە لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا پەیوەندییەکی مانادار و جێگیر دابمەزرێنێ.

هۆکارەکانی دەرکەوتنی شێواز

شێواز چۆن و بە چ شێوەیەک و لەسەر چ بنەمایەک درووست دەبێ؟ هۆکارەکانی دەرکەوتنی شێواز چین؟ ئەم پرسیارانە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە لە دێرزەمانەوە بەرباس بوونە. لەڕاستیدا دەرکەوتنی شێواز پێویستییەکی سەردەم بووە کە بەناچاری بەدیهاتووە واتا نووسەر بەهۆی کۆمەڵە پاڵنەرێک لە نووسیندا بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو هەنگاو هەڵدەبڕێ و لە کۆتاییدا شێواز بەدیدێ. وشە، ڕستە، ئاوازە و وێنەکان لە نووسیندا گشتیان لە ناهۆشیاریی و ئەزموونی ژینگەیی نووسەرەوە هەڵدەقوڵێن و وردەوردە بەرەو کردەیەکی هونەری دەگۆڕێن. شێواز پرۆسەیەکی خۆکردەیە و لە قووڵایی دەروونی نووسەرەوە سەردەر دەکا.

بەمانایەکی دیکە شـــێواز لە هەنبانەی دەروونیبووی گوتار و ســـیســـتەمی زمانی دەروونیبووی تاک شێوە وەردەگرێ. کەواتە شێواز سیستەمێکی بەدەروونی بووە کە بچووکترین کەرەســـەکانی زمانی تاکوو بەرزترین و ئاڵۆزترین پێکهاتەکانی دەق هۆکاری بەدیهاتنی ئەم ســـیســـتەمەن. هۆکارەکانی گەشـــە و جێگیربوونی شـــێواز بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەکرێن:

یەکەم: هۆکاری دەروونناسی

دووەم: هۆکاری کۆمەڵناسی

هۆکاری دەروونناسی

هۆکارە دەروووناســـییەکان بەگشـــتی پەیوەســـتن بە تایبەتمەندی خودی و دەروونی تاکەوە. هەندێکیان بریتین لە:

– تایبەتمەندی تاک: وەکوو ڕەوشـــت، ئاکاری کەســـی و خەســـڵەتی ڕۆحی کە لەم دووانە دژیەکانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبن.

| | |
|---|---|
| لەسەرەخۆ/ورووژاو | خۆبەکەمزان/باوەڕبەخۆ |
| سۆزدار/دڵڕەق | ڕەشبین/گەشبین |
| کۆمەڵایەتی/گۆشەگیر | دەمارگیر/خۆشڕفتار |
| خەیاڵی/واقیعی | پابەند/بێبەندوبار |
| ترسنۆک/چاونەترس | سازگار/ناسازگار |
| نرم و نیان/تووڕەوتوند | هەستیار/گوێپێنەدەر … |

– هۆشـی زمانیی: ئەم نووسـەرانەی هەنبانەی وشـەکانیان سـاماندارترە و وشـە و پێکهاتەی ڕێزمانی زۆرتریان لە مێشـــکدا جێگیرن، توانســـتی بەکارهێنانی زمانیان زۆرە و بە سانایی دەتوانن لە هەلومەرجی جیاوازدا سوود لەم توانستانە وەربگرن

و هاوتەریب لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بدوێن و شـێوازێکی دڵگیر و جوان بخوڵقێنن و ئەم بابەتە (داهێنانی زمانیی) پێدەگوترێ.

هۆکاری کۆمەڵناسانە

پۆلی دووەمی هۆکارەکانی شێوازسازی، هۆکارە دەرەکی و کۆمەڵایەتییەکانن. کات، هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتی، بەسـتەری پەیڤ، گۆڕانە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان و بەسـتەری کۆمەڵایەتی و کولتووری و مەزهەبی هۆکاری دەرکەوتنی شـێوازی ئەدەبی جیاوازن. هۆکارەکان کۆمەڵناسییەکان لەمانەی خوارەوە پێکهاتوون:

- کات: لە گشـت زەمان و سـەردەمێکدا خواسـت و ئاوات و باوەڕ و تێڕوانینی جیاواز لە کۆمەڵگەدا باون، بۆیە (گیانی زەمانە) یان (ڕۆحی سـەردەم) هۆکارێکی سەرەکییە لە دەرکەوتنی شێوازی گشتی یان شێوازی قۆناغێکی مێژوویی.

- شـوێن: هەڵکەوتەی پەیڤ، لە وێناکردنی سـیمای تاکێتی هونەرمەندا زۆر کاریگەرە. (ڕەنگی ناوچەیی) هۆکارێکی بنچینەییە لە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی شێوەزاری ناوچەیی لە ئەدەبدا.

- زمان: دەرکەوتە و جۆرە جیاوازەکانی زمان لە بنیاتنانی جۆری شـێوازدا کاریگەرن. شـێوازی نووسـەر بە پاڵپشـتی ئەوەی لەکام بەشـی ناوچەی زمانیی دەژین و هەڵبژاردنی تێدا دەکەن، بەدیدێ. بەشـێکی زمان دەرکەوتەی مێژوویی هەیە، واتا زمان بەهۆی تێپەڕینی کات دەگۆڕێ. هەموو سەردەم و ڕۆژگارێک وشە و پێکهاتەی ڕێزمانی تایبەت بە قۆناغەکەی خۆی هەیە و نووسـەر و شـاعیران بەگوێرەی هەڵبژاردن لەم بەشەدا شێوازی خۆیان دروستدەکەن.

- پێگەی کۆمەڵایەتی: شـێواز بەر کاریگەری ئاسـت و پێگەی کۆمەڵایەتی نووسـەر دەکەوێ. نووسـینێک کە بۆ توێژی خانەدان و ئاسـت بەرزی کۆمەڵگە نووسـرابێ لەڕووی هونەرەکانی شیعرییەوە ڕازاوەترە و ئەوەی بۆ ئاستی مامناوەند و توێژی ئاسـایی کۆمەڵگە دەنووسـرێ سـادەتر و سـرووشـتی ترە. بۆ نمونە ئەدەبی کۆنی کوردی لەڕووی هونەری شیعرییەوە ئاستێکی بەرز تۆمار دەکا و ئەدەبی میللی کە

بۆ خەڵکی ئاسایی و توێژی مامناوەند و ئاسایی تۆمار دەکرێ، لەڕووی هونەرییەوە ئاستێکی مامناوەند و سادەتری هەیە.

- دەقئاوێزان و شـــێواز: دەق زۆرترین کاریگەری بەســـەر دەقەکانی دیکەوە هەیە، بۆیە دەشێ بگوترێ شێواز بەرهەمی خوێندنەوە و ڕەنگدانەوەی ئاستی زانیاری و زانینی نووســەرە. هەندێجار شـێوازی نووســەرێک بەهۆی خووگرتن بە دەقێک یان قوتـابخــانەیەکی ئەدەبی یــان ژانرێکی ئەدەبی دەگۆڕێ. لەم کــاتەدا دەگوترێ شـــــێوازەکەی کـاریگەرە بەو دەقـانەی دەیـانخوێنێتەوە. بۆ نموونە حـاجی قـدر و پیرەمێرد و گۆران، دوابەدوای ئەوەی تێکەڵ بە ئەدەبی جیهانیبوون، شـــێوازەکەیان گۆڕا و دواتر بەهۆی ئەمانەوە بوو کە ئاراستەی ئەدبی کوردی و شێوازی شیعری کوردی بەرەو ئاراستەی شیعر و ئەدەبی نوێ هەنگاوی هەڵێنا.

شێوازناسی توێکاری

زمـان بریتی نییە لە کۆمەڵەیەکی دەنگی و هێمـایی تێکچرژاو و نـاڕێکخراو، بەڵکوو تۆڕێکی سیستەماتیک و ڕێکخراوەیی و پێکەوە گرێدراوی چین و توێ و پەیوەندییە. بۆیە گشـــت پارچەیەکی گوتار یان بەشـــێکی دەق لە ئەنجامی پێکەوە کارکردن و پەیوەندیی ئاستە جیاوازەکانی زمان ڕێکخراوە. لەڕێگەی ئەم ئاست و یەکانە دەشێ هەڵسـەنگاندنێکی شـێوازناسـانە جێبەجێ بکرێن کە بریتین لە: ئاسـتی دەنگی، ئاسـتی وشـەیی، ئاسـتی ڕسـتە، ئاسـتی مانا، ئاسـتی کارەکی. زانسـتی زمان ناسـی بەپشـت بەستن بە شێواز و ئامرازی تایبەت هەڵسەنگاندن بۆ هەر یەک لەم ئاستانە دەکا:

شـێکاریی دەنگ: بریتییە لە هەڵسـەنگاندن و توێژینەوە لە دەنگەکانی زمان بە هەمان ئەم شـێوەیەی لە چوارچێوەی گوتاردا بەرهەم دێن و هەسـتیان پێدەکرێ. شـێوازی گۆکردنی وشـــەکان لە گوتار و نمودە زمانییەکانی زمانی نووســـین بە پشـــتیوانی زانستی دەنگسازی هەڵدەسەنگێنرێن.

شـیکاریی وشـە: لێکۆڵینەوە لە بچووکترین دانەی واتاداری زمان، پێکهاتەی وشـە و شـــێوازی ڕۆنانی وشـــە، مانا، یەکگرتنی مانایی وشـــەکان لەگەڵ یەکدا، دال و نیشانەکانی لەڕێگەی زانستی وشەسازی جێبەجێ دەکرێ.

شـــیکاریی ڕســـتە: لێکۆڵینەوە لە بینای ڕســـتە، پەیوەندی وشـــەکان لەگەڵ یەکدی، شـێوەی لێکدانی وشـە لە ڕسـتەدا، ڕێکخسـتنی ڕێزمانیی وشـەکان، شـیکردنەوەی ئەرکی مانایی وشە لە ڕستەدا بەهۆی زانستی ڕستەسازی جێبەجێ دەکرێ.

شـیکاریی مانا: واتاناسـی ئەم زانسـتەیە کە لە بەهای ڕاسـت و درووسـتی مانای ڕســـتە دەکۆڵێتەوە. بەمانایەکی وردتر لە دەربڕیندا گوزارە زمانییەکان و مانداری ڕسـتە لەگەڵ واقیع لەسـەر ئاسـتی ڕاسـت و درووسـتی یان چەوت و هەڵەبوونی گوزارەکان بەراورد دەکا.

شیکاریی کارەکی: جیاوازی شیکاریی کارەکی لەگەڵ شیکاریی ماناییدا لەوەدایە کە واتاناسـی هەوڵی لێکۆڵینەوە لە مانای ڕسـتە دەدا بێ ڕەچاوکردنی بێژەر، شـوێن و کاتی گوتن و هۆکارە زمانییەکانی دیکە؛ بەڵام لە شـــیکاریی کارەکی کە هەمان (مەبەســـت زانی)یە، مانای گوتار لە چوارچێوەی بەســـتەر و هەڵکەوتەی دەربڕین لێکدەداتەوە.

جیاکردنەوەی ئەم توێ و چینانەی زمان بە مەبەسـتی شـیکردنەوەی ئاسـتەکانی زمان لە پرۆســـەی شـــێوازناســـیدا زۆر گرنگن. زۆربەی شـــێوازەکان بەهۆی بەکارهێنانی تایبەتی کەرەســـەکانی زمان لە یەکێک لەم پێنج توێ و چینەی زمانیدا، لە شـــێوازەکانی دیکە جیادەبنەوە. لێرەدا گرنگترین و ســـەرەکی ترین پرســـیاری شـێوازناس ئەوەیە (شـێوازی نووسـەر لە کام یەک لەم ئاسـتانەی زمان بەرجەسـتە دەبێتەوە؟) بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە شێوازناس دەبێ کەرەسە پێکهێنەرەکانی دەق لێک جیابکایەوە و بۆ دەسـتەبەرکردنی شـیکاریی زانسـتانەی هەر شـێوازێک، دەبێ هەر یەک لەم ئاستانەی زمان بەشێوەی سەربەخۆ و بە پشتبەستن بە شێواز و مێتۆدی تایبەت بە خودی ئەم ئاســـتە لە چوارچێوەی زانســـتی زماننناســـیدا لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ.

**ئاستی دەنگ لە شێوازناسیدا**

لێکۆڵینەوە لە ئاستی دەنگیی زمانی دەق، شێوازناسی دەنگیی پێدەگوترێ. شێوازناسی دەنگیی، لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی بەکاربردنی یەکە دەنگییەکان (دەنگ، ئاوازە) لە بەستەرێکی زمانی و ئەرکی بێژەیی دەنگەکانی زمان دەکا. شیکاریی دەنگیی لە شێوازناسیدا سەرنجی نمودە دەنگییەکان و شێوازی گۆکردنیان لە چوارچێوەی زمانی گوتار و نووسین دەدا و هەوڵی وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەدا کە بەکارهێنانی تایبەتی نمودە دەنگییەکانی زمان بە چ ڕادەیەک دەتوانێ گوتاری کەسێک بەرجەستە بکا و شێوەیەکی تایبەتمەندی پێبدا بەچەشنێک کە لەگەڵ شێوەی ئاسایی ئاخاوتن و زمانی پێوانەیی جیاواز بێ؟ جیاوازیی دەنگی لە زماندا پەیوەستە بە هەلومەرجی جیاوازی جوگرافی، مێژوویی، ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی، تەمەن و پرسی فیسیۆلۆجیک و نەخۆشییەکانی زمان و ...هتد.

تایبەتمەندی جوگرافی: جیاوازی دەنگ کە لە ئەنجامدا جیاوازی زمانیی لە ئاستی دەنگیی لێدەکەوێتەوە، بەهۆی جیاوازی دەنگیی وشەکانی شێوەزارە جیاجیاکانە. بۆ نموونە وشەی ڕۆژ لە کرمانجیدا بە شێوەی ڕۆج گۆ دەکرێ. وشەی نوێژ لە شێوەی هەورامیدا بەشێوەی نمێژ گۆ دەکرێ. وشەی باران لە زاری خواروو و گۆراندا بە شێوەی واران گۆ دەکرێ. ئەم شێوازە بەکاربردنە لە ئاستی دەنگیی شێوازدا خۆی دەنوێنێ و لەگەڵ ئەوەشدا نابێتە هۆی داهێنانی شێواز، بەڵام دەق بە بەستەری جوگرافی و مێژوویی دەربڕینەوە پەیوەست دەکاتەوە. لە شیعری شاعیرانی ئەدەبی کۆنی کوردی ئەم دیاردەیە لای (سافی هیرانی)، (مەحوی)، (شێخ ڕەزا)، (وەفایی)، (مەلای جزیری)، (خانی)، (بێسارانی) و ...هتد دەردەکەوێ. هەروەها لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخدا چ لە شیعر و چ لە ڕۆمان و چیرۆکدا ئەم دیاردە شێوازناسییە زۆر بەرفراوانتر بەرچاو دەکەوێ.

تایبەتمەندی ڕەگەز یان جێندەر: جێندەر کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیستەمی دەنگیی و شێوەی گۆکردنی دەنگەکانی زمان هەیە. ئافرەتان جیاواز لە پیاوان دەنگەکان گۆ دەکەن و ئاوازە و درێژ کردنەوەی دەنگەکان لای ژن و پیاو جیاوازن.

تایبەتمەندی فیسیۆلۆجی: گۆڕانکاری جەستەیی و تەمەن دەبنە هۆی ئەوەی سیستەمی دەربڕینی دەنگ گەشە و گۆڕان بەخۆیەوە ببینێ. هەندێ جیاوازی دەنگی لەنێوان ئاخاوتنی منداڵان و بەساڵاچووواندا بەدیدەکرێن کە لە ئەنجامی گۆڕانی کۆسیستەمی دەنگی و تاڵە دەنگییەکان بەدی هاتوون.

تایبەتمەندی مێژوویی و نووسین ناسی: گۆڕانکاری و جیاوازی دەنگی لە شێوازناسیدا لە پرۆسەی نووسینیشدا ڕوو دەدەن. نووسین کە شێوەی نووسراوی دەنگەکانە بەهۆی تێپەڕینی کات گۆڕانیان بەسەردادێ. بۆ نموونە لە دەسنووسەکانی زمانی کوردیدا شێوەی جیاواز بۆ نووسینی دەنگەکان لێک جیادەکرێنەوە. لە دیوانی شاعیرانی کۆندا ئەم گۆڕانکارییە بەم چەشنەیە: دەنگی (گ) لە زۆربەی کاتەکاندا بەشێوەی (ک) نووسراوە. دەنگی (ڕ) و (ڵ) بەبێ هێمای (^) نووسراوە و دەنگی (ــە، ێ، ۆ) بە شێوەی (سەر و ژێر و بۆر)ی عەرەبی نووسران. هەروەها لە کتێبی چاپکراوی سەرەتای سەدەی ڕابوردوو و ناوەڕاست و کۆتایی ئەم سەدەیەدا دەیان شێوەی جیاواز بۆ نووسینی دەنگەکان لەئارادابوونە. بۆ نموونە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلادین سەجادی دا دەنگی (ڕ) بەشێوەی (رر) نووسراوە.

شێوازناسی دەنگیی لە دەسنیشانکردنی شێوازی دەق کار لەسەر ئەم بابەتانە دەکا: ئەرک و بەها و شێوەی بەکاربردنی دەنگ و کاریگەری جوانیناسانەی لە چوارچێوەی دەق. هونەری مۆسیقایی کە ڕەهەندێکی جوانیناسی بە شیعر دەبەخشێ، بەهۆی تونێ و چینی ئاستی دەنگی بەدیدێن. هەرچەندە تایبەتمەندیی دەنگی بە دەرەوەی زمانەوە پەیوەستە، بەڵام کاریگەری لەسەر دەرکەوتەی مانایی دەق هەیە. بەمانایەکی دیکە جوانکاری ئەدەبی کە بەشێکە لە هونەرەکانی زانستی ڕەوانبێژی، لە ئەنجامی هەڵبژاردن و لادان لە ئاستی دەنگیی زمان بەدیدێ، بۆیە دەرکەوتەی شێوازسازانەی ئاستی دەنگیی لە چوارچێوەی شیعر و لەڕێگەی هونەرەکانی جوانکاری ئەدەبییەوە دەسنیشان دەکرێن.

ئاستی وشە لە شێوازناسیدا

چۆنییەتی هەڵبژاردنی وشە، سرووشت و بنچینەی شێواز ئاشکرا دەکا. وشەکان وەستاو و چەقبەستوو نین، بەڵکوو زیندوو و چالاکن، سەربوردە و مێژوویان هەیە؛ تەنانەت خاوەن کەسێتی و ناسنامەن و بە باری سۆزدارانە و کولتوورییەوە بارگاوی کراون. وشە بە تێپەڕینی کات بەهێز یان لاواز دەبێ یان پێست و کاژ دەخا و خۆی نوێ دەکاتەوە و یان دەمرێ و بەیەکجاری لەناو دەچێ. هەندێجاریش دووبارە زیندوو دەبێتەوە و مانای نوێ وەردەگرێ. وشە لەڕووی تایبەتمەندی پێکهاتەیی و جۆری دەلالەت و سامانی مانایی جۆراوجۆرن. فراوانی هەر یەک لە پۆل و تاخمەکانی وشە لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبی و بەکاربردنی زمانیی، زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕەنگاڵەیی و جۆراوجۆری شێوازەکان هەموار دەکەن. بەکارهێنانی بەرجەستە و مانادار و ئەرکمەندی جۆرێکی وشە یان پۆلێکی وشەیی لە دەقدا یەکجار گرنگە.

لە کاتی شیکردنەوەی شێوازناسانەی وشەکان دەبێ سەرنجی چ تایبەتمەندییەک بدرێ؟ بۆ وەڵامدانەوە دەبێ شێوازناس شارەزای گەوهەر و ماهییەتی وشە و ئەم ئەرکانە بێ کە لە خولقاندنی دەق و ناوەڕۆکی دەقدا هەیانە. ئەمەش پەیوەستە بە دەسنیشانکردنی جۆرەکانی دەلالەتی وشە. ئەم خشتەیەی خوارەوە پێرستێک لە جۆرەکانی دەلالەتی وشە بەردەست دەخا. لە ستوونی یەکەمدا هەشت جۆرە دەلالەت ئاماژەیان پێدراوە کە هەر یەکێکیان لە دوو ئاستی بەرانبەر یەک پێکهاتوون. هەر یەک لەم ڕیزە بەرانبەریانە، سیفەتێکی سەربەخۆی شێوازناسانە و جۆرێکی تایبەت لە دەربڕین بەرجەستە دەکەن. ڕێژەی پاتبوونەوەی هەر یەک لەم دەلالەتانە لە دەقدا دەسنیشانی جۆری شێوازی دەق دەکا:

| جۆری دەلالەت | جۆری وشە | نمونە | سیفەتی شێواز | جۆری دەربڕین |
|---|---|---|---|---|
| هەستی/دەرهەست | هەستپێکراو | سێو، هەنارب | هەستی | چیرۆکی |
| | هەستپێنەکراو | ڕۆح، گیان | دەرهەست | فەلسەفی |
| ڕەوان | ڕوون | کتێبفرۆش | ڕەوان | هەستی |
| | ناڕوون | مننەت فرۆش | لێڵ | زەینی |
| گشتی/تایبەت | ناوی شت | دار، جلوبەرگ | زەینی | گشتبینی |
| | ناوی جۆر | سنۆبەر، کراس | وێنەیی | کەرتبینی |
| گێڕاندنەوە | ڕاستەوخۆ | بەردی مەڕمەڕ | تاقیگەیی | زانستی |
| | ناڕاستەوخۆ | بەردەباز | درکەیی و ئەدەبی | ئەدەبی |
| نیشان بۆ کراو | بێنیشان | قەڵەو، لاواز | خاڵی سفڕی شێواز | فەرمی |
| | نیشاندار | خەپە، ڕیقۆ | نرخێنەر | تایبەت، کەسی |
| بەستەر | فەرمی | دیدگا | فەرمی | پەروەردەیی |
| | ئاخاوتن | قسەی دڵ | ئاخاوتن | گفتوگۆی خۆمانە |
| داهێنان | ئاسایی | وشەی باو | ئاسایی | ئاخاوتنی ڕۆژانە |
| | داهێنان | وشەی نوێ | نوێ | شیعر |
| هێماکاری | پسپۆڕی | وشەی سۆفیانە | گوتاری | پسپۆڕی |
| | گشتی | وشەی ئاسایی | گشتی | زمانی ئاسایی |

شیکاریی خشتە

وشەی هەستی یان دەرهەست

ئەم وشانەی کە دەلالەت لە بیروباوەڕ، چەندێتی، مانا و چەمکی زەینی بدەن، ئەوە دەرهەستن و ئەم وشانەی دەلالەت لە کەلوپەل و بابەتی واقیعی و هەستپێکراو بکەن هەستین. بەرزبوونەوەی ڕێژەی وشەی هەستی لەبەرانبەر وشەی دەرهەست هەستی بوونی شێوازی دەق بەدیار دەخا و زۆری ژمارەی وشەی زەینی دەبێتە هۆی دەرهەست بوونی شێوازی دەق. وشەی زەینی تاریک و لێڵن، بەهۆی ئەوەی وێنەیەکی ڕوونی مەدلوول لە مێشکی خوێنەر دروست ناکەن. بۆ نموونە وشەی (مننەت فرۆش) زەینییە بەڵام وشی (کتێبفرۆش) هەستییە، چونکە وێنەیەکی هەستپێکراو لە مێشکدا بەرجەستە دەکا. ڕوون و ڕەوان بوونی شێوازی ئەدەبی و کاریگەری هونەرییەکەی بەهۆی زاڵبوونی وشەی هەستییەوەیە و لە بەرانبەردا لێڵی و ناڕوونی لە شێوازدا، بەرهەمی ڕێژەی بەرفراوانی پاتبوونەوەی وشەی زەینییە. نووسینی شیعر و چیرۆک لەڕێگەی وشەی هەستی کاریگەرترن.